# گەندەڵی یا جەردەیی

**ئەمجەد غەفور**

ghafur@ukonline.co.uk

**ماوەیەکە لە زۆر لایەن‌و کەسانەوە هیرشی جدی دەکریتە سەر هەردوو حکومەتی هەریمی کوردستان، کە گوایە گەندلی سیاسی‌و دزی‌وگیرفان پرکردن لە لایەن لیپرسراوانی هەردوو حکومەتەوە بیٚ حەدو حساب تەشەنەی کردووە، تا ئەو رادەیەی بۆتە جیگای نارەزایەتی فراوانی جەماوەریی خەلکی کوردستان، وە خودی سەرکردایەتی یەکیتی‌و پارتیش نایشارنەوە، بە شیوەیەك باسی دەکەن دەیانەویٚ لە ئاستی کێشەیەکی سادەدا تیٚپەریٚنن‌و چەواشەی خەلکی بکەن‌و بەردەوامی بە دەسەلات‌و تالان بردنی خۆیان بدەن.**

**ئەم دیاردەی تالان‌و دزی‌و گیرفان پرکردنە لە کوردستاندا بە دەستی لیپرسراوانی هەردوو هیزی میلشیایی یەکیتی‌و پارتی، ناوی گەندەلی سیاسی نیەو بە فەسادی سیاسی وەلام نادریٚتەوە، تا بەو ناوەوە ریگە چارەی بۆ پەیدا بکەین.**

**گەندەلی‌و دزی لە تەواوی وولاتانی جیهانی سەرمەیایەداریدا دیاردەیەکی ئاساییەو بونی هەیە، هەر دەولەتیك لە وولاتانی سەرمەیاداریدا کاتی دارایی‌و سامان‌و پیشەسازی وولات ریك دەخات‌و وەزارەتەکانی دادەمەزریٚنیٚ، دیارە ئمکاناتی پول‌و دارایی دەکەویٚتە بەردەستی لیپرسراوانی دەولەت، فرسەتیان بۆ دەرەخسیٚ تا ئەو کاتەی ئاشکرا دەبن بەشی خۆیانی لیٚ دەخۆن، چونکە نمونەی دەست پاکی‌و دلسۆزی زەحمەتە لە ژێر رەحمەتی سیستمی سەرمایەداریدا پەروەردە بکریٚت، هەر بۆیە یاساو نیزام‌و بریاری بۆ دا ئەنریٚت بۆ ئەوەی کۆنترۆل بکریٚت‌و فرسەتی کەمترین دزی بدریٚت.**

**هەلبەتە ئەم جورە لە فەساد هەمیشە لە رژیمی سەرمایەداریدا قابیلی بون‌و تەشەنەیە، لە گەل ئەوەی جۆرەها میکانیزمیان بۆپەیروەی کردوەو یاسایان بۆ داناوە، بەلام هەر نەتوانراوە بەری پیٚ بگیری، تا رژیمی سەرمایەداری هەبیت گەندەلی‌و دزی هەر دەبیٚت‌و دەمیٚنیٚت.**

**بەلام مەسەلەی پارەخواردن‌و دزی‌و گەندەلی لە هەر وولاتیکدا مانای ئەوە نییە لایەنی سیاسی دەسەلاتدار ریکخستنی دەولەت‌و کۆمەلگەی لە ئەستۆ نەگرتبیٚ، دەسەلاتی سیاسی لە هەر شیوازی دەسەلاتیکدا لە وولاتیکی نۆرمالدا خۆی بە لیپرسراو دەزانیٚ، دابینی پیداویستەیە ئەساسیەکان بۆ کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگریت،لە بەرامبەر کۆمەلگە و وولاتەکەیدا خۆی بە لیپرسراو دەزانیٚ، وە وولات بەریوە دەبەن بەریگەی ئەو رژیمە سیاسەی لە هەر وولاتیکدا چەسپاوە.**

**کیشیەیەك کە ئیستا لە کوردستاندا هەیەو 14 سالە یەکێتی‌و پارتی وەك دوو هیزی میلیشیایی دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، کوردستانی عیراق نە تەعریفی وولاتی هەیەو نە دەولەت، نە چارەنوسی دیارە چی دەبیٚت‌و چی بەسەر دیٚت.**

**ئەم دوو هیزە میلشیایە هیچ نەخشەو بەرنامەیەکیان نەبووە بۆ ئەوەی کوردستانی عیراق بکەنە وولاتیك‌و دەولەتیکی تیدا دابمەزرینن‌و بەریوەی بەرن، قازانجی ئەوان لەم وەزعیەتە نالەبارەیە تا ئەوەی دەولەت‌و جیگیری سیاسی پیك بیٚت، وەك دوو هیزی تالان کەر لە دوای رووداوەکانی 91 وە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووەو لە نیوان خۆیاندا بەشیان کردووە.**

**ئەم وەزعیەتەی ئیستا بە گەندەلی باس دەگریت، پیناسەیەکی ناتەواوەو قابلیان نیە، ئەوانە جەردەن داویانە بەسەر کوردستانداو مالی خەلکی ویران دەکەن.**

**ئەگەر سەرنج بدەن هەر لە ئەوەل رۆژی هاتنیان بۆ ناو شارەکانی کوردستان لە گەل رووداوەکانی سالی 91دا، هەرچی پیداویستی‌و خزمەتگوزاری‌و شارستانیەتی شارەکانە تالیان کردو ئاودیویان کرد بۆ ئیران، ئەمان بەمانای کەلیمە جەردەن چونکە:**

1- هیچ کات خۆیان به خاوەنی کۆمەلگە نەزانیوەو بەتەنگ کێشەو ئازەراکانی خەلکیەوە نەبون، هەولیان نەداوەو نەیان ویستوو کۆمەلگەی کوردستان وەك وولاتو دەولەت دابمەزرینو ئارامیو جیگیری سیاسی له کوردستاندا دابمەزرێتو خەلکی بۆ یەکجاری بحەوینەوە له ژیر سایەی رژیمیکی سیاسی جێگەوتودا.

2- 14 ساله هیچ پیشرویەکیان نیشان نەداوه که پیداویستیەکانی خەلکی دابین بکەن، کوردستانی پیش چواردەسال کارەبای بوو ئاوی بوو خزمەتگوزاری بوو، بەلام لەسایەی دەسەلاتی ئەم دوو حیزبەدا ئەوانه له بەین چونو گەرانەوەیان زۆر به کارێکی زەحمەت نیشان ئەدەن.

3- تەواوی سەرچاوەو متمانەی ئابووری له کوردستاندا وەرگرتنی کۆمەكو پولوپارەو کەرەسەیه له وولاتان، هیچ پرۆژیەکی بەرهەمهیانو گەشەی ئابوور بەدی ناکەیت، هیچ سەرمایەداریکی دەرەکی ناوێرێت له کوردستان وەبەرهینان بکاتو سەرمایه دامەزرێنێت، بەدوای سوال کردنیان له وولاتان کومرگی سنوورەکان بەشیکی تری سەرچاوەی ئابووریان بووه.

ئەمجوره له خۆ به خێو کردنو هیز نیشاندانو حوکم کردنی خەلکی، ئاشکرایه له حیزبو هیزی سیاسی خاوەن نەخشەو بەرنامه بۆ بەریوەبردنی کۆمەلگەو دەولەتو وولات ناچێت، خۆیان به لێپرسراو له بەرامبەر به گرفتو پیداویستەیکانی خەلکیدا نازانن، وەك جەرده له ئەوەل رۆژی دەسەلاتو دەست بەسەراگرتنی کوردستان، بەم دەستو بەو دەست تالانی ئەکەنو دزی ئەکەنو گیرفانیان پرنابێت.

ئەو میکانیزمو نیزامی ئابووریو سیاسیەی ئەوان بەریوەی دەبەن هیچ پەیوەندیەکی به بەریوەبردنی کۆمەلگەو وولاتەوه نیه، ریکخستنی جۆرەها پرۆژەی گەورەیه بۆ دزی، ئەو پارانەی دینه ناو کوردستانەوه هیچ زانیاریەك دەربارەیان نازانرێت، 14 ساله دوو وەزارەتی دارای که باشتره بلیین "وەزارەتی تالانی" له کوردستاندا هەیه تا ئیستا راپۆرتیکیان بلاو نەکردۆتەوه که داهاتیان چییەو چەنده چۆن خەرج دەکرێت، هەموو کاریکیان ژیر به ژیرو نهینیه، ئەم کارانه رەوشتی جەردەیه نەك بەریوەبەرانی سیاسی وولاتیك.

واقعیەتی ئەم دوو هیزه میلشیایه له کوردستاندا زۆر جیاوازه له گەل ئەوەی باس له گەندەلیان بکرێت، گەندەلی قابلی لیپرسنەوەو ئاشکراکردنو سزا دانه، رژیمك گەر نۆرمالو رۆتین بروا بەریوه، هەر دزیو پارەخواردنیك ئاشکرا بێت قابیلی ریسواکردنو ئاشکرا کردنی ئەو کەسەیه بەو کاره هەلسابێت، بەلام تەواوی پیك هاتەی یەکیتیو پارتی وەك دوو هیزی سیاسی، تەواو دەستەو دائیرەو ئۆرگانێك رێکیان خستووه، تەواوی کەسانێ لیپرسروێتیان پیدراوه، وەها پیك هاتووه هەر داهاتێ دێته کوردستانەوه هەلی دەلوشێ.

ئیتر چی چارەسەر دەکرێت، له کێ دەپرسیتەوەو چۆن بەری پێدەگیرێت، دەبیت تەواوی پیك هاتەکانیان هەلوەشێتەوه، دانەدانەی لیپرسراوانی بدرین به دادگا، هەر بۆیه تەنها نارەزایەتیو راپەرینی بەردەوامی خەلکیه که ئەتوانی ریسوایان کاتو دەریان پەرینن، دەبیت ئەو خەلکه جدی بیر له چارەنوسی خۆیان بکنەوە، کیشەکه تەنها گەندەلی سیاسیو دزی نیه، بەلکو چوارچیوەو پیکهاتەیەکه کۆمەلی جەردەو مافیا خۆیان کردووه به زمانحالو نوینەری خەلکی کوردستانو پارەی لیدەخۆن، نابێت ئەو هەقەیان پێ رەوا ببینن، خەلکی دەبێت نوینەری راستەقینەی خۆیان باش بناسن، کەسانو لایەنیك نوینەری ئیوەن که تێ ئەکۆشن کوردستانی عیراق بکەنه وولاتو دەولەتو دەسەلاتی خەلکی تیا دائەمەزرێنن.